# ئاستەنگ و پێشنیارەکانی چارەسەرکردنی بابەتی دیواربەندی هونەری لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر

د . دارا ئەورەحمان ئەحمەد

بەشی پەروەردەی هونەر ، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت ، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق

**بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٢/٢٦** **بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٤/٨**

## پوختە

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە: ١-زانینی ئاستەنگەکانی بابەتی دیواربەندی هونەری لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر. ٢- چۆنێتی چارەسەرکردنی ئاستەنگەکان لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە .
ئەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفی بۆ ئەنجامدانی بەکارهێناوە ، بەهۆی گونجاندنی لە گەڵ جۆر بابەت و ئامانجەکانیەوە .
سامپڵی توێژینەوەکە لە خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر لە قۆناغی چوارەمی بەیانیان لەبابەتی دیواربەندی هونەری پێکهاتبوو ، پاشان توێژەر بۆ زانینی ئاستەنگ و چۆنیتی چارەسەرکردنی پێوەرێکی بەپێی هەنگاوە زانستیەکان ، پێکهێنرا کە پێکهاتبوو لە (٧) تەوەر (١٦) برگە بۆ دەستنیشانکردن و پێشنیازی چارەسەرکردن لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە. دوای بەدەستهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی و جێگیری لە ڕێگەی دوو جار دابەشکردنی فۆرمەکان لە دوو کاتی جیاوازدا و دابەشکردنی نیوەی برگەکان ، پاشان بە بەکارهێنانی هاوکێشەی پێرسۆن بۆ هاوکۆلکەی پەیوەستبوون کە بەهاکەی لە نێوان (٢٠.٠ - ٥٠.٠) دابوو دۆزرایەوە. دوای جیبەجێکردنی پێوەرەکە بە سەر سامپڵی توێژینەوەکە لە ڕێگەی ڕێکاری ئامارییەوە ئەنجامی توێژینەوەکە بەدەستهاتووە ،کە ناوەندی شیاوی سەرجەم برگەکان بریتیبوو لە (٩١.١) ئەم ئاستە ( نزمە ) بەپێی ئەم ئەنجامە ئاستەنگ لە بابەتی دیواربەندی هونەری هەیە ، پاشان بەمەستی چارەسەرکردنی ئاستەنگیەکان کۆمەڵێک پێشنیازکراوە لەلایەن خوێندکارانەوە ، پاشان توێژینەوەکە بە کۆمەڵێک پێشنیاز و ڕاسپاردە کۆتایی بە توێژینەوەکە هاتووە .

ووشە سەرەکییەکان : ئاستەنگ ، پێشنیار ، چارەسەرکردن ، دیواربەندی هونەری ،خوێندکاران ، پەروەردەی هونەر.

بەشی یەکەم : چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

١ . ١ کێشەی توێژینەوەکە :

خوێندکاری زانکۆ لە قۆناغی چوارەمدا ئامانج و دەرئەنجامی پرۆسەی خوێندنە، پێویستە خاڵی لاوازی پەرەپێدانی توانا فیکری و بەرزکردنەوەی ئاستی هونەریەکانی دیاریبکرێت ، دەستنیشانکردنی لەمپەڕەکانی فێربوونی هونەر توانای گەشەکردنی لە سەر بنەمای ڕێگای وانەوتنەوەی گونجاو ، هاوکاردەبێت لە گەیشتن بە ئامانج و ئەو ئەزموونانەی ، کە لە ماوەی خوێندنی پراکتیکی و تیۆریدا بەدەستی هێناوە، بەرهەمهێنانی کارێکی هونەری ڕەسەن لە بابەتێکی وەک دیواربەند کە گوزارشت لە تواناکانی خۆی بکاتەوە ، خوێندکاران توشتی چەندین گرفت دەکاتەوە ، کە ڕەنگە بێتە هۆی لاوازیی لە دەرئەنجامەی پرۆسەی خوێندن لەو بابەتەدا ، هەروەها کاریگەری لەسەر تەواوی خوێندنی دواقۆناغی زانکۆی دروستبکات ، بەوپێەی دیواربەند بابەتێکی پراکتیکیە لە داهاتوو بۆ

خوێندنگەکان گرنگە و وەک هۆیەکی فێربوون و ڕازاندنەوە سودی لێوەردەگیرێت ، ئەو خوێندکارانەش دەبنە مامۆستا لە خوێندنگەکان لێرەوە کێشەی توێژینەوەی ئێستا سەرهەڵدەدات، کە بەرجەستە دەبێت لە بوونی چەندین سەختی کە ڕووبەڕووی خوێندکاران دەبێتەو لەم بابەتەدا، وەک بابەتی خوێندن، مامۆستا ، هۆیەکانی خوێندن ،ڕێگەکانی وانەوتنەوە ، دابینکردنی پێداویستی فێرکردن، ڕەنگە پێکەوە کار بکەن لەسەر ئاستێکی نزمی هونەری خوێندکاران .

توێژەر بەوپێیەی مامۆستای وانەکەیە تێبینی کردووە لە گرفیتی بەرهەمهێنانی هونەری ئەو پڕۆژانەی کە لەلایەن خوێندکارانەوە ئامادەکراون، کە نوێنەرایەتی تواناکانیان دەکەن، ڕەنگە هۆکارەکەی پێوەست بێت بۆ کێشە ناوخۆییەکانی خوێندکار یان ، یان بابەتە کارگێڕییەکانی تایبەت بە کۆلێج ، یان دابینکردنی لایەنی مادی بن، لێرەوە دەبێت ئەم سەختی و ئاستەنگانە دەستنیشان بکرێن، تا چارەسەر بکرێن ، ئەم دەست نیشانکردنە پێویستی بە توێژینەوەیەکی بابەتی و زانستی هەیە تا هەوڵبدات وەڵامی ئەم پرسیارەی خوارەوە بداتەوە:

خوێندکار لە بابەتی دیواربەندی هونەری ڕووبەڕووی چ جۆرە ئاستەنگیەک دەبێتەوە ؟

١ . ٢ گرنگی توێژینەوەکە :

ئەم توێژینەوە سوودی دەبێت بۆ ئەم لایەنانەی خوارەوە : ١

. ٢ . ١ بۆ خوێندکارانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت لە بەشی پەروەردەی هونەر و وەك پێوەرێک بەکاربهێنرێت ، کە سەرجەم گرفتەکانی دیوابەند ، گفتوگۆ ڕەخنەیەکان لەڕێگەی هەڵسەنگاندنی بەرهەمە هونەرییەکان لە وانەی دیواربەندی هونەری لە خۆبگرێت .

١ . ٢ . ٢ بۆ مامۆستایان بابەتی دیو اربەند لە بەشی پەروەردەی هونەر لە کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت لە زانکۆی سلێمانی ، لە ڕێگەی بەکارهێنانییەوە وەك پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی خوێندکاران ، هەروەها بێتە هۆکارێک بۆ دیاریکردنی لاوازی و بەهێزی توانای خوێندکاران لە سەر بنەمایەکی زانستی و ڕەخنەیدا .

١ . ٢ . ٣ دەستنیشانکردنی گرفتەکان کە دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی بابەتی دیواربەند هونەری لە بەشی پەروەردەی هونەر کە ڕووبەڕووی خوێندکاران دەبێتەوە. ١

. ٢ . ٤ بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی وەك سەرچاوەیەکی زانستی و ڕەسەن ونوێ، هەروەها بۆ توێژەرانی خوێندنی باڵا لە بوارە جیاوازەکانی شێوەکاری کە توێژینەوەی هاوشێوە ئەنجامبدەن .

١ . ٣ ئامانجی توێژینەوەکە :

١ . ٣ . ١ زانینی ئاستەنگەکانی بابەتی دیواربەندی هونەری لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر .

١ . ٣ .٢چۆنێتی چارەسەرکردنی ئاستەنگەکان لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە .

١ . ٤ سنوری توێژینەوەکە :

١ . ٤ . ١سنوری بابەتی : زانینی ئاستەنگ و پێشنیاری چارەسەرکردنی بابەتی دیواربەندی هونەری لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر.

١ . ٤ . ٢سنوری کات : ٢٠٢٣ـ ٢٠٢٤

١. ٤ . ٣سنوری مرۆی : خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر لە قۆناغی چوارەمی بەیانیان لە کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت لە زانکۆی سلێمانی .

١ . ٥ دیاریکردنی زاراوەکان :

١ . ٥ . ١ ئاستەنگ الصعوبة (Difficult) :

ا- پێناسەی زاراوەیی : جەندین

پێناسەی جۆراوجۆری بۆکراوە بۆنموونە لە (فەرهەنگی ئینگلیزی کامبرج) بەم شێوەیە ناساندوویێتی : " ئەو ڕاستییەی کە ئاسان نییە بۆ ئەنجامدان یان تێگەیشتن". ( ئەنتەرنێت ، Cambridge English Dictionary )

ب - پێناسەی تیۆری : (البیسوني ، 1992 ) هەموو

شتێک کە ڕێگری دەکات یان ڕێگری دەبێت لە گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو یان پێویستی بە هەوڵدانی دەروونی و جەستەیی زیادە هەیە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ". (البیسوني ، 1992 ،ص ١٠ )

ج- پێناسەی ڕێکاری : ئەم

چەمکە بە پێی توێژینەوەکە توێژەر پێناسەی کردوە : " ئەو هەنگاوانەن کە پێویستە بگرێتە بەر بەمەبەستی زانینی ئاستەنگ و پێشنیازی چارەسەرکردنی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر لە قۆناغی چوارەم لە بابەتی دیواربەندا " .

١ . ٥ . ٢ بەشی پەروەردەی هونەر ( Art Educational Department ):

( توێژ ) پێناسەیەکی ڕێکاری بۆ دەکات ، کە بریتیە لە :

یەکێکە لە بەشەکانی لە کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت لە زانکۆی سلێمانی ، لە ساڵی( ٢٠٢١- ٢٠٢٢ ) دامەزراوە ، بڕوانامەی بکالیۆریوس لە پسپۆری پەروەردەی هونەر دەبەخشێت بە خوێندکاران ، پاشان دەبنە مامۆستای وانەی پەروەردەی هونەر لە خوێندنگەکانی بنەڕەت لە هەرێمی کوردستانی عێراق ، هەروەها بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا لە هەمان پسپۆری دەبەخشێت " .

١ . ٥ . ٣ بابەتی دیواربەندی هونەری ( Subject Artistic Mural ) :

( توێژ ) بۆ بابەتی پرۆژەی دەرچوون پێناسەیەکی ڕێکاری بۆ دەکات :

" ئەو بابەتەیە کە بەشێوەی پراکتیکی لە قۆناغی چوارەمدا خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر لە کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت لە زانکۆی سلێمانی جێبەجێی دەکەن" .

**بەشی دووەم :**

٢ . ١ چوارچێوەی تیۆری :

٢ . ١ . ١ ئاستەنگ لەپرۆسەی فێربووندا :

گرنگیدان بە کێشەکانی فێربوون لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە دەستی پێکردوە، لە سەرەتای شەستەکاندا بە تایبەتی توێژەر ( سامۆیڵ کیرک ) (Samuel Kirk) لە ساڵی(١٩٦٢) یەکەمین کەسبوو کە باسی لە ئاشتەنگیەکانی فێربوونی کردوە ، کە بە مەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پەروەردەیی و بەرنامەی چاکسازی بۆ کۆمەڵێک منداڵ ، کە ئاستەنگبوون لە بەردەم پێشکەوتنی پەروەردەیدا ، هەروەهاگرنگی بە فەرامۆشکردنی ئەو لەمپەرانەدا ،کە دەبێتە هۆی شکستی پرۆسەی فێربوون، بەبڕوای ئەو ئەگەر چارەسەرنەکرێت لە بوارە جیاوازەکاندا ئەوا کاریگەرییان لەسەر توانای خوێندکار دروستدەکات ، لە کۆتایدا شکست بە پرۆسەی فێربوون دەهێنێت .(البطانیة ، 2005 ،ص47 )

زانا و توێژەران لە سەر ناساندنی چەمکی ئاستەنگیەکانی فێربوون هاوڕانین چەندین پێناسەی جۆراوجۆریان بۆکردوە بۆ نموونە بەبڕوای (فیاض و الاخرون) : بریتییە لە و بابەتانەی، کە ڕێگری لە فێرخوازان دەکات لە تێگەیشتن لە چەمکێک یان لە چارەسەری کێشەیەک، یان ئەوە بێ توانابیە لە گەیشتن بە وەڵامێکی ڕاست لە پرسیکی دیاریکراودا. (فیاض و الاخرون،2005 ، ص23)

بەڵام بەبڕوای ( سامۆیڵ کیرک ) ئەم چەمکە بریتیە لە دواکەوتن لە پرۆسەکانی فێربوونی وەک نوسین یان خوێندنی بابەتێک ، کە کاریگەری ئاستەنگ لەسەر مێشک و لایەنی ویژدانی و عەقلی دروست دەکات.( عوض الله ،٢٠٠٦ ، ص٢٤ )

یان بە بۆچونی (احمد ) بێ توانای تاکە بۆ گەیشتن بە وەڵامێکی دروست و هەمەلایەنە بۆ پرسیارێک ،کە دەرئەنجامی نەزانین لە پرسێک یان تێنەگەیشتن لە ناوەڕۆکی بابەتێک یاخود لە جێبەجێکردنی لێهاتوویەکی پراکتیکییدا دروستدەبێت.( احمد ،٢٠١٠ ، ص٤٨)

٢ . ١ . ٢ ئاستەکانی هەڵسەنگاندنی ئاستەنگیەکانی فێربوون :

بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستەنگیەکانی فێربوون چەند ئاراستەیەکی جۆراوجۆر هەیە ، گرنگترینیان بریتین لە :

* ئاراستەی پزیشکی :

بەبڕوای ئەم ئاراستەیە کێشەکانی فێربوون پەیوەندیان بە لایەنی تەندروستیەوە هەیە، کاریگەری فیسۆلۆجی و کۆئەندامی دەمارەخانەکانی مروڤ ڕۆڵی سەرەکی دەبین لە ئاستەنگی فێربوون . (الغار ، 2003، ص32)

* ئاراستەی دەروونی :

بەبڕوای زانای ئینگلیزی (هنری هید )( Henry Head ) لایەنی دەروونی دەبێتە هۆی لاوازی فێربوون هەروەها چەندین زاناو توێژەران توێژینەوەیان لەو بوارەدا ئەنجامداوە بۆ نموونە ( ئەلفێرد بینیت )( Alfred Binet )( 1857 – 1911 ) یەکەمین تاقیکردنەوەی زیرەکی ئامادەکردوە ، لویس پرسۆن کۆمەڵێک ئاستەنگی دیکە هەیە ، کە کاریگەری و دەبێتە ئاستەنگ لە سەر پرۆسەی فێربوون بۆ نموونە : (سعود ، ٢٠19، ص67)

**١ـ کاریگەریەکان کە پەیوەستە بە تواناکانی خوێندکارانەوە :**

واتای ئەو لایەنانەی کە پەیوەستن بە توانا عەقلیەکانی خوێندکارو پاڵنەری فێربوون بەرانبەر بە بابەتی خوێندن ، لایەنە کۆمەڵایەتی ، بارۆدۆخی ژینگەیی ، ئاستی تێروانی تاک بەرانبەر بە پرسەکان لە خۆدەگرێت . (فیاض ، ٢٠٠٥، ص82)

**٢ـ کاریگەریەکان کە پەیوەستە بە تواناکانی مامۆستایانەوە :**

واتای ئەو لایەنانەی کە پەیوەستن بە ئەزموونی پێشووی مامۆستایان ، هەروەها تواناکانی چۆنێتی فێربوون ، ئاراستەی بەرانبەر بە بابەتەکان لەسەر بنەمایەکی زانستی و گرنگیدان بە ئاستی ئەکادیمی ، یەکێکی تر لە دیاریکردنی ئاستەنگییەکان، کە پەیوەستە بە مامۆستایانەوە ، بریتیە لە گرنگیدان بە پرۆسەی وانەوتنەوە لە سەر ئاستێکی بەرزی پیشەیی .( خطاب ، 2006 ، ص70)

**٣ـ کاریگەریەکان کە پەیوەستە بە بابەتەکانی خوێندنەوە :**

واتای دیاریکردنی ئاستی نوێنەرایەتی کردن کە پەیوەستە بە بابەتی خوێندنەوە ،هەروەها نوێنەرایەتی کردنی شێوازی زمانەوانی و چۆنێتی داڕشتنی ناوەڕۆکی خوێندن ، چالاکیە فێرکاریەکان ، چۆنێتی هەڵسەنگاندنیان لە خۆدەگرێت . (علي ، ٢٠11 ، ص65)

**٤ـ کاریگەریەکان کە پەیوەستە بە ژینگەی فێربوونەوە :**

واتای ئەو لایەنانەی کە پەیوەستن بە دیارکردنی لەمپەرەکانی لایەنی مادی و دەروونی کە لە کاتی پرۆسەی فێربوون ڕوودەدات . ( العیسوی،٢٠٠٣ ، ص ٧ـ ١٢ )

**٢ . ١ . ٣ کورتەیەکی مێژووی دەربارەی دیواربەندی هونەری :**

دیواربەند (Mural) کارێکی هونەرییە کە لە سەر دیوار لە ڕێگەی کەرەستەی جۆراوجۆرەوە جێبەجێدەکرێت ، کە بەمەبەستی جوانکاری یان گوزارشتکردن لە بیرۆکەیەکی دیاریکراو ئەنجام دەدرێت ، ئەم شێوازە هونەریە مێژوویەکی کۆنی هەیە .

لە گەڵ دەرکەوتنی مرۆڤایەتیدا بە تایبەتی لەگەشەکردنی چاخی بەردینی کۆندا چەندین بەرهەمی هونەری دروستکراوە ، کە گوزارشتیان لە ئاستی بیرۆکە و شێوازی دەربرینیان کردوە ، لە نموونەی کارەکانی ئەشکەوتەکانی ( لاسکۆ )( Lascus ) لە فەرەنسا لە نێوان (١٠٠٠٠ – ١٥٠٠٠ ) پ .ز ،ئەلتامێرا ( Altamir) لە ئیسپانیا (٢٥٠٠ ) پ . ز ، هەروەها ئەشکەوتی ( تاسیلی ) (Tasili ) لە باکوری ئەفریقا ، کە بابەتەکانیان دیمەنی ڕاوی ئاژەڵی وەک ئاسک ، فیلی مامۆس ،کێشراون هەروەها دیمەنی ڕاوچیەکان لە کاتی ڕاوەشکار ، چاپکردنی دەستی مرۆڤەکان بە ڕەنگ ، لە سەر دیواری ئەشکەوتەکان کێشراون . ( الدباغ و الجادر ،١٩٨٣ ،ص٧٨ )

لە قۆناغێکی تری کارکردنی دیواربەندا گەشەکردنی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە بۆ نموونە لە ناوچەی میزۆپۆتامیا لە شارستانیەتی سۆمەری ( ٣٥٠٠- ٢٨٠٠ ) پ.ز هەروەها شارستانیەتەکانی بابلی (٣٥٠٠- ٢٨٠٠ ) پ . ز ، هونەری ئاشوری ( ١٥٩٥ – ٦٢٦ ) پ.ز ، بابلی نوێ ( ٦١٢ – ٥١٩ ) پ.ز ،...

بەڵام دیواربەند لە لای گریکەکان( Greeks) پێکهاتبوو لە وێنەی فراوان لە پانتای لە سەقفی خانووەکان دەکێشراون لە نموونەی کارەکانی هونەرمەندان ( پۆلیگۆنیۆس ) ( Polygnotos ) (500 –440) ،زیۆیس ( Zeuxis )( 464- نەزانراوە ) ئەپێلێس (Apelles) لە (سەدەی چوارەمی پ. ز لەدایکبووە) نیگارکێشێکی بوو کە لەلایەن نووسەرانی کۆن لە بواریی هونەردا ڕێزێکی زۆری لێگراوە . ( ازهر ، 1998،ص134 )

هەروەها دیواربەندی ڕۆمانیەکان(Romans Mural) هاوشێوەی گریکەکان کارە هونەریەکانیان جێبەجێکردوە ، وەک لە نموونەی خانووی (Vettill) و کۆشکی شاژنی ئیمراتوری ڕۆمانی بە ناوی لیڤا (Livia) لە پاشماوەکانی شاری پۆمپی ( Pompeii) کە بە شێوازی فریسکۆ جێنەجێکراوە ،هەروەها وێنەکێشانی جەنگی ئیسیۆس (Issuc) دەردەکەون .

بەڵام لە سەردەمی شارستانیەتی بێزەنتە(Byzantine civilization ) بە شێوازی ئایکۆن (Icon) ی ئاینی لە سەر کڵێسەو کۆشکەکان بە شێوازی مۆزایک (Mosaic) و شوشە (Glass ) بە ڕەنگاوڕەنگ جێبەجێکرابوون . (عبدالخالق ، 1982،ص78)

لە سەردەمی ڕێنسانس دا ( Renaissance) بە تایبەتی لە وڵاتی ئیتالیا لەسەدەی ( ١٤- ١٧ ) گۆڕانکاری بەسەر بنەماکانی دیواربەندا هاتووە ، بەتایبەتی لە کارەکانی هونەرمەند (جیۆتۆ دی بۆندۆن) ( Giotto di Bondone) دا دەردەکەوێت ،کە لە سەربنەمای یاساکانی تاریکی و ڕووناکی دوور و نزیکی بابەتە کۆمەڵایەتی و ئاینیەکانی داڕشتووە ، هەروەها هونەرمەندانی وەک ڕافایل ، مایکل ئەنجلۆ ، لیۆناردۆ داڤنشی ، درێژە پێدەری ئەو ڕێبازە بوون کاری ناوازەتریان بەرهەمهێناوە . ( Gray, 2001,p40 )

بەڵام لە بزاڤی بارۆکدا شێوازی کارکردنی ڕێنسانس گۆڕا بە تایبەتی لە کارەکانی هونەرمەندی فەرەنسی واتۆ جان ئەنتۆنی ( Watteau Jean-Antoine) کە کانڤاسی بۆ سەقفی کڵێسەکان بەکارهێناوە تا بتوانێت بە شێوەیەکی وەردتر کارەهونەریەکان جێبەجێبکات . ( ازهر ، 1998،ص١٣٠ )

هەروەها لە بزاڤی ( ڕۆکۆکۆ) دا هونەرمەند تیپلۆ (Tiepolo )گرنگی بە کێشانی زەخرەفە و وردەکاری لە کێشانی دیواربەندەکانی لە سەر کۆشکەکان ئەنجامداوە.

لە هونەری مۆدێرندا بە هۆی کاریگەریەکانی بزاڤە نوێیەکان ، شێوازی کارکردنی ڕیالیزمیان فەرامۆشکرد و زیاتر گرنگیان بە گوزارشتکردن و تەکنیک و دەربڕینی ناخی هونەرمەند داوە . (لطفي ، 2001 ،ص٤٥)

**٢ . ١ . ٣ . ١ دیواربەند لە سەردەمی پۆست مۆدێرنەدا :**

دوای دەرکەوتنی بۆچوونەکانی بزاڤی هونەری کوبیزم (Cubism ) ڕوانگەی زانستی بەرانبەر بە دارشتنی هونەری شێوازێکی نوێیان لە دروستکردنی کارەهونەریەکانیان بە تایبەتی لە بواری دیواربەندا بەکارهێناوە ، لە دوای دروستکردنی دیواربەندی جۆرنیکا (Journica) کە لە لایەن هونەرمەند پابلۆ بیکاسۆ (Pablo Picasso ) ١٨٨١-١٩٧٣ لە ساڵی ١٩٣٩ دروستکراوە ،هەروەها کارەکانی قوتابخانەی باوهاوس (Bauhaus ) کە شێوازێکی هونەری بوو ، سەرەتا لە بیناسازی لە وڵاتی ئەڵمانیا دەرکەوت ، پاشان سەرجەم لایەنەکانی هونەری شێوەکاری گرتەوە ، کە لە ڕیگە ئەبستراکردنی ڕەگەزەکانی دارشتنەوە گوزارشتیان لە بەهای جوانکاری هونەریی کردوە . (علي ، 2023،ص40)

بەڵام لە سەردەمی ئێستادا دیواربەند ئاوێتەی تەکنەلۆژیابووە ، هەروەها پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان لە گەڵ بورەکانی بازرگانی ، نەتەوەیی، ژینگەی ، کلتوری ،... دروستکرد . بەکارهێنانی
کەرەستەی جۆراوجۆر و لەکارکەوتوو پاشان خستنەڕووی بە شێوەیەکی سەردەمیانە بۆتە سیمایەکی بەرفراوانی دیواربەند ، وەک لە نموونەی کارەکانی هونەرمەندی ئەڵمانی (مارکۆس لیرنەر )( Marcus Lerner ) کە لەشاری مونخ لە ساڵی( ٢٠٠٧ ) نمایشی کردوە دەبینرێت. (Gray, 2001,p43)

**٢ . ١ . ٣ . ٢ مێژووی بەرهەمهێنانی دیواربەندی کوردی :**

دەکرێت بەشێوەیەکی گشتی دیواربەندی وینەکێشانی هونەرمەندانی کورد بکرێت بە دوو قۆناغی سەرەکیەوە ، کە بریتین لە :

**١- قۆناغی خۆرسکی کارکردنی هونەری هونەرمەندانی کورد :**

شێوازی کارکردنی ئەو هونەرمەندانی. کە خۆیی بوون وپشت بە زانستەی بزاڤە هونەریە ئەوروپیەکان نابەستێت ، بە واتایەکی تر کارەکانیان درێژەکراوەی شێوازی کارکردنی پێش خۆیانن لە شارەکانی کوردستان ئەم شێوازە لە گەڵ کاری پیشەوەریی ئاوێتەی یەکتربوون زیاتر دیدێکی ئەبستراك ( Abstract ) یان میناتوری(Miniature) لە کارەهونەریەکاندا دەبنرێت ، ئەوەندەی هونەرمەندان ئارەزووی گوزارشتکردنیان لە بابەتەکان هەبووە، هێندە گرنگان بە دارشتنی هونەری و بەکارهێنانی تەکنیکی جۆراوجۆر لە بەر هونەریەکان نەداوە ، زۆربەی کارەکان لە بەرد ، دار ، کانزا، ڕەنگی ناوچەیی دروستکراون ، قوربانیدان بەشێوەی واقعی لە پێناو گوزارشتکردنێکی ڕاستەوخۆ لە سیمای کارەکانیاندایە ، وەک کاری هونەرمەندان دانیاڵ قەساب (١٩٢٠- ١٩٥٠)حەسەن فەلاح (19101976) عەزیز سەلیم ( 1915-2003) خالید سەعید (١٩٢٧-١٩٩٦). (پیرباڵ ، ٢٠٠٦ ، لا ٥٦)

**٢- قۆناغی کارکردنی هونەرمەندان لە سەربنەمای بزاڤە ئەوروپیەکان:**

هەروەها شێوازی دووەم پشتی بەستوە بە کارکردن لە سەربنەمای بزاڤی ئەوروپی ، ئەم شێوازە ئەو هونەرمەندانە دەگرێتەوە کە دەرچوویی پەیمانگە و کولێژی هونەری بوون، پاشان لە کوردستان کاری مامۆستایان کردوە ، نموونەی ئەو هونەرمەندانە وەک جەواد ڕەسوڵ ناجی (١٩٢٢-١٩٧٥ ) ، بدیع باباجان (١٩٢٣-١٩٩٠ ) جەمال بەختیار (١٩٢٧-٢٠٢٠ ) ئەسکەندەر جامباز (١٩٣٨-١٩٩٤ ) ئەنوەر سینو تووفی (١٩٢٧-١٩٩٤ ) عەلی جۆلا ( ١٩٤٠- لەژیاندایە- ) دارا حەمە سەعید ( ١٩٤٦-لەژیاندایە) ئیسماعیل خەیات (١٩٤٤-٢٠٢٢) ڕەوۆف حسن ( ٤٥٦٣- لەژیاندایە- ) عەدنان شینۆ ( ١٩٦٣- لەژیاندایە- ) دارا ئەورەحمان ( ١٩٧٣- لەژیاندایە- ). (سعید، ٢٠٠٤ ، لا ١٢٧ )

**٢ . ١ . ٤ تەکنیکەکانی کارکردنی دیواربەندی هونەری لە بواری وێنەکێشاندا:**

بە درێژای مێژووی دروستبوونی دیوارابەند لە بوراری وێنەکێشاندا بە چەندین تەکنیکی جۆراوجۆ هونەرمەندان کاریان کردوە ، لە گرنگتییان برییتین لە :

**١- وێنەکێشانی دیواربەند بە ڕێگای فریسکۆ ( Fresco ):**

چەمکی فریسکۆ لە وشەیەکی (Afresco) ئیتالیەوە وەرگیراوە بە واتای پێگەیشتوو دێت ، ئەم تکنیکە بەکارهێنانی لە شارستانیەتی گریکەوە سەرچاوەی گرتووە ، کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی دواری ئامادەکراو لە سەر گەچێکی شێدار پاشان وێنەکێشان بەڕەنگی ئاوی لە سەر دیواری کۆشک ، کڵێسەکان کێشراون لە نموونەی کارەکانی (جیۆتۆ دی بۆندۆن) (Giotto di Bondone ) دا دەردەکەوێت . (قدح، ٢٠٠٦،ص54)

**٢- وێنەکێشانی دیواربەند بە ڕێگای فریسکۆ وشک ( Dry Fresco) :**

بەهەمان شێوازی کارکردنی فریسکۆیە بەڵام جیاوازیەکەی ئەوەیە لە کاتی کارکردندا گەچی ئامادەکراو پێویستە بە تەواوی وشک ببێتەوە . (القماش ، 1992،ص٢٤ )

**٣- وێنەکێشانی دیواربەند بە ڕێگای تێمپرا ( Tempra) :**

چەمکی تێمپرا لە ( Tempra) وشەیەکی ( temper ) وەرگیراوە بە واتای چارەسەرکردن دێت ، بەڵام بەکارهێنانی لە بواری وێنەکێشاندا دوای چارەسەرکردنی دیواری ئامادەکراو بە ڕەنگی وشک و بە ئاوێتەکردنی کەتیرە یان ڕاتینج یاخود لە ڕێگەی ڕەنگی ئامادەکراوی گواش (Guash ) بەکارهێنراوە ، لە کۆندا شێوازی تێمپرا ڕەنگەکانی ڕاستەوخۆ لە سودی لیوەردەگیرا ، پاشان ورد دەکران تێکەڵی کەتیرە یان سپێنەی هێلکە دەکرا ، پاشان لە سەر دیواری ئامادەکراو بابەتی دیواربەندەکە دەکێشرا . ( حماد، 1973 ،ص67)

**٤- وێنەکێشانی دیواربەند بە ڕێگای کازاین (Casein) :**

کارکردن بە شیوازی کازاین واتای بەکارهێنانی جۆرێکە لە مۆم کە لە ڕێگەی قورێکی زبرەوە ئامادە دەکرێت ، دوای پاک کردنەوە و وشکردنی ئاوێتەی ئاودەکرێت پاشان وەک کەرەستەیەکی مۆمی تێکەڵ بە ڕەنگەکان دەکرێت بە مەبەستی بەکارهێنانی لە بابەتی دیواربەندەکەدا. (علي ، 2023،ص72)

**٥- وێنەکێشانی دیواربەند بە ڕێگای دیستیمپر ( Distemper) :**

مێژووی شێوازی دیواربەند بە ڕێگای دیستیمپر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میسریە کۆنەکان کە لەسەر دیواری گۆڕی مردوەکان و کۆشکی پاشاکان کێشراون ، دیوارەکان زۆربەیان لە خشت دروستکراو پاشان ڕوکەش کراون بە قوڕ یان گەچ وێنەکان لە ڕێگەی ڕەنگی سروشتی کە ڕاستەوخۆ لە دوای هاڕین و ئاوێنەکردنی لە گەڵ ئاودا و بەتێکەڵکردنی کەتیرە یان سپینەی هێلکە هەندێک جار سود لە هەنگوین وەرگیراوە وەکو مادەیکی لکێنەر هاوشانی ڕەنگ سودی لێوەرگیراوە . (لطفي ، 2001 ،ص78)

**٦- وێنەکێشانی دیواربەند بە ڕێگای سیرامیک( Ceramico) :**

لە کۆنەوە هونەری سیرامیک لە شارستانیەتەکانی میسری کۆن و مێزۆپۆتامیا بەکارهێنراوە ، لە سەرەتادا بە شێوەی قوڕ نەخش و نیگاریان کێشاوە پاشان سورکراوەتەوە ، لە ئێستادا تەکنیکی دیواربەندی سیرامیک بە قەبارەی گەورە لە کۆشک و شوێنە گشتیەکان دروستدەکرێت ، ئاوێتەی هونەری پەیکەری هەڵتەقو و ڕوچاڵ دەکرێت ، لە ڕێگەی ڕەنگی تایبەتەوە ڕووکەش کراوە چەندین کاری هونەریان لێ بەرهەمهێناوە . ( بلعلاء ، ٢٠٠٧ ،ص٥٧)

**٧- وێنەکێشانی دیواربەند بە شوشەی ڕەنگاوڕەنگ ( Colored Class):**

کەرەستەی شوشە یەکێکە لە مادە سروشتیەکان کە لە کۆنەوە دۆزاوەتەوە ، لە شارستانیەتەکانی میزۆپۆتامیا و میسرەکۆنەکاندا سوودیان لێوەرگرتووە بۆ ڕازاندنەوەی کۆشک و پەرستگاکان ، هەروەها لە سەردەمی مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنەدا هونەرمەندانی وەک ماتیس (Matisse ) ، براک (Braque ) سوودیان لە دروستکردنی دیواربەندی شوشەی ڕەنگاوڕەنگ وەرگرتووە لە بەرهەم هێنانی کارەکانیاندا . (المهدي، 1990 ،ص23)

**٨- دیواربەند بە ڕێگای ڕاتینجی پیشەسازی ( Symthetic Resins Painting ):**

چەندین ڕاتینجی پیشەسازی هەیە ، کە بەکاردەهێنرێت لە دروستکردنی دیوربەندا ، وەک ڕاتینجی فینیڵ ، کە لە خەڵوز و بەردی جیری دەردەهێنرێت لەگەڵ تێکەڵکردنی سپێنەی هێلکە لە دیوار بەندا بەکاردەهێنرێت .( ساحي ، 2022 ،ص90 )

**٢ . ٢ توێژینەوەکانی پێشوو :**

توێژەر بەمەبەستی زانینی ئاستەنگەکانی بابەتی دیواربەندی هونەری لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر ، هەروەها بۆ زیاتر دۆزینەوەی پەیوەندی و جیاوازی ئەم توێژینەوەیە، لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوودا ، کە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی نوسراون ، دوای گەڕان توێژەر گەیشتە ئەو ڕایەی کە ئەم توێژینەوانە گرینگیان بە تەکنیکی دیواربەند ئاستەنگیەکان داوە وەک ئەمانەی خوارەوە:

**٢ . ٢ . ١ ئەو توێژینەوانەی کە بە زمانی عەرەبی نوسراون :**

١- توێژینەوەی( قدح ) لە ساڵی ( ٢٠٠٦ ) ئەنجامدراوە بەناونیشانی: **تقنيات التصوير الجداري والستفادة منها في تنفيذ الجداريات مستمدة من وحدات التراث الشعبي السعودي** قسم التربية الفنية - كلية التربية الأساسية / جامعةأم القرى

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبووە لە : ١-سود وەرگرتنی تەکنیکەکانی جێبەجێکردن لە بەکارهێنانی وێنەکێشانی دیواربەند لە سەدەجیاوازەکاندا. ٢- سودوەرگرتن لە یەکەکانی زەخرەفە بۆ تێگەیشتن بەکارهێنانی بەشێوەیەکی ڕەسەن و جیاواز لە ژینگەکەی خۆی . کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیبووە لە نموونەیەک لە دیواربەندی هونەری بە تەکنیکی جیاواز ئەنجامدراوبوون ، توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی شیکاری و نیوە ئەزموونی پەیرەوکردوە ، ئەنجامی توێژینەوەکە بریتیبووە لە : ١- دەتوانرێت سود لە کەلەپوری نەتەوەی وەبگیرێت بەکاربهێنرێت لە دیزاینکردنی دیواربەندی مۆدێرندا

٢- سود لە تەکنیک و کەرەستە باوە کۆنەکان وەربگیرێت لە دروستکردنی دیورابەندی نوێدا.

٢- توێژینەوەی (عباس) لە ساڵی ( ٢٠16 ) ئەنجامدراوە بەناونیشانی :

**الصعوبات التي تواجه طلبة قسم التربية الفنية كلية الفنون الجميلةفي مادة الخزف** ، ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبووە لە زانینی کێشەکانی خوێندکارانی کۆلێجی هونەرەجوانەکان لە بابەتی سیرامیکدا ، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیبووە لە خوێندکارانی قۆناغی سێیەم لە بەشی پەروەردەی هونەر لە زانکۆی دیالە،سامپڵی توێژینەوەکە بریتیبووە لە (٢٠) خوێندکاری کچ و کوڕ بوو ، توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی پەیرەوکردوە ، ئامڕازەکانی توێژینەوەکە بریتیبووە لە ئامادەکردنی ڕاپرسیەک کە لە (٦ ) برگە پێکهاتبووە ، دوای گەڕانەوەی ڕاپرسەکان بەمەبەستی بەکارهێنانیان بەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا ،پاشان توێژەر لەڕێگەی بەکارهێنانی جێبەجێکردنەوە دەرکەوتوە کۆمەڵێک ئاستەنگ لە بابەتی سیرامیکدا ڕووبەڕووی خوێندکاران بۆتەوە .

٣- توێژینەوەی ( صکبان) لە ساڵی ( ٢٠٢٠ ) ئەنجامدراوە بەناونیشانی : **المشكلات التي تواجه طلبة قسم التربية الفنية المطبقين لمادة المشاهدة و التطبيق من وجهة نظرهم** ، كليةالتربيةالاساسية،جامعةالكوفة.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبووە لە زانینی کێشەکانی خوێندکارانی متەبق لە قۆناغی چوارەم لە بەشی پەروەردەی هونەر لە زانکۆی کوفە لە بەشی پەروەردەی هونەر لە زانکۆی کوفە ، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیبووە لە خوێندکارانی قۆناغی چوارەم لە بەشی پەروەردەی هونەر لە زانکۆی کوفە ،سامپڵی توێژینەوەکە بریتیبووە لە (٦٢) خوێندکاری کچ و کوڕ بوو ، توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی پەیڕەوکردوە ، ئامرازەکانی توێژینەوەکە بریتیبووە لە ئامادەکردنی ڕاپرسیەک بەشێوەی سەرەتایی دابەشکردنی بەسەر کۆمەڵێک پسپۆڕدا ، دوای گەڕانەوەی ڕاپرسەکان (٢) برگەیان دەستنیشان کردبوو بەمەبەستی بەکارهێنانیان بەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا ،پاشان توێژەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامارەوە ئەنجامەکەی دۆزیوەتەوە .

**٢ . ٢ . ٢ ئەو توێژینەوانەی کە بە زمانی ئینگلیزی نوسراون بریتیبوو لە:**

**2 –C- Pitz (2005): Mural projects – A cumulative Study**

توێژینەوەی (کارمێن پیتز ) لەساڵی ( ٢٠٠٥ ) ئەنجامدراوە بەناونیشانی : پڕۆژەکانی دیواربەند لێکۆڵینەوەیەکی کەڵەکەبوو ، ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبووە لە : ١- زانینی پرۆگرامی هونەری دیوار بەند لە شاری شیکاگۆ . ٢- زانینی گروپی هونەری لە گەلەری ٣٧ لە شاری شیکاگۆ. نموونەی توێژینەوەکە بریتیبووە لە شیکردنەوەی کۆمەڵێک کاری هونەری لە خوێندنگە جیاوازەکانی شاری شیکاگۆ . پاشان توێژەر لە ڕێگەی شیکردنەوەی بەرهەمە هونەریەکانەوە ئەنجامەکەی دۆزیوەتەوە

**٢ . ٢ . ٣ بەدواداچوون بۆ توێژینەوەکانی پێشوو :**

توێژینەوەکانی ئێستا زانینی ئاستەنگەکان داوە وەک توێژینەوەکانی (عباس )، (صکبان ) بەڵام توێژینەوەی توێژەران (کارمێن پیتز ) ، (قدح ) گرنگیان بە دۆزینەوەی تەکنیک و شیکردنەوەی دیواربەندیان داوە ، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی ئێستا و (عباس )، (صکبان ) ، (قدح ) خوێندکارانی زانکۆن بەڵام. توێژینەوەی (کارمێن پیتز ) قۆناغە جیاوازەکانی خوێندنە . توێژینەوەکان میتۆدی وەسفیان پەیڕەوکردوە.لە ئەنجامی توێژینەوەی ئێستادا هەوڵی چارەسەرکردنی ئاستەنگیەکانی داوە ، بەڵام توێژینەوەکان (عباس )، (صکبان ) تەنها دەستنیشانی ئاستەنگیەکانیان داوە .

**بەشی سێیەم ( ڕێکاریەکانی توێژینەوەکە) :**

**٣ . ١ میتۆدی توێژینەوەکە :**

میتۆدی وەسفی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە بەکارهێنراوە .

**٣ . ٢ سامپڵی توێژینەوەکە :** خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر لە قۆناغی چوارەمی بەیانیان لەبابەتی دیواربەندی هونەریدا.

**٣ . ٣ ئامرازەکانی توێژینەوەکە :** ئامادەکردنی پێوەرێک بۆ زانینی ئاستەنگ و پێشنیاری چارەسەرکردنی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر لە بابەتی دیواربەندی هونەریدا بەپێ ئەم هەنگاوانەی خوارەوە:

**٣ . ٣ . ١ قۆناغەکانی ئامادەکردنی پێوەرێک بۆ زانینی ئاستەنگ وپێشنیاری چارەسەرکردنی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر لە بابەتی دیواربەندی هونەریدا:**

بە هۆی نەبوونی پێوەرێکی ئامادەکراوی بۆ زانینی ئاستەنگ وپێشنیاری چارەسەرکردنی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر لە بابەتی دیواربەندی هونەریدا ، توێژەر پێوەرێکی تایبەتی ئامادەکردوە ، بە پێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە :

١- خوێندنەوە و بەدواداچوون لە سەرئەو سەرچاوە و توێژینەوانەی کە پەیوەندییان بە زانینی ئاستەنگ چارەسەرکردنی خوێندکارانی بابەتی دیواربەندی هونەریدا هەیە.

٢- ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەشێک لە پسپۆڕان لە بواری هونەر و پەروەردە دا لە زانکۆی سلێمانی، بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی ئەو ئاستەنگە هونەریانەی کە پێویستە لە کاتی وانەوتنەوەدا گرنگییان پێبدرێت.

٣- بە سوود وەرگرتن لە چوارچێوەی تیۆری ئەم توێژینەوەیە ، توێژەر ئامانجەکانی بەشێوەیەکی سەرەتایی ئامادەکرد ، کە ژمارەیان بریتیی بوو لە (٤٠)کە بەمەبەستی زانینی ئاستەنگ وپێشنیاری چارەسەرکردنی خوێندکاران لە بابەتی دیواربەندی هونەری ئامادەکرا ، تا لە ڕێگەی ڕاپرسەوە دابەشی ژمارەیەک لە پسپۆڕانی بوارەکە بکات.

**٣ . ٣ . ٢ ڕاستگۆیی (الصدق):**

چەمکی ڕاستگۆیی بەواتای ئەوەی ،کە ئەو پێوەرە دیاریکراوەکە مەبەستی پێوانەکردن بەکاردەهێنرێت ، ئەو بابەتە بپێویت کە بۆی بەکارهێنرایەوە. (عبدالهادي، ٢٠٠٢، ص١٢١)

بەمەستی بەدەستهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەرەکە ، ڕاو بۆچوونی ژمارەیەك لە پسپۆڕانی بواری هونەر و پێوانە و هەڵسەنگاندن و دەروونزانی لە شێوەی ڕاپرسەوە بەشێوەیەکی سەرەتایی دابەشکرد ، تاوەکو لە سەر چۆنێتی دارشتنی ئامانجەکانی برگەکانی پێوەرەکە لە رووی زمانەوانی زانستیەوە هەڵبسەنگێنن.

دوای گەڕانەوەی ڕاپرسییەکانی پێوەرەکەی لە کۆی ئامانجەکان (١٦) ئامانجیان دەستنیشان کردبوو ، پاشان پێوەرەکەی ئامادەکرد بۆ دیاریکردنی ئاستی پێوەرکە شێوازی سێ خانەی دارێژرابوون ، کە بریتیبوون لە (زۆرئاستەنگە ، ئاستەنگە ، ئاستەنگێکی لاوازە) ، بۆ شیکردنەوەی ئاستی ئاستەنگیەکان وەڵامدەرەوە بە بەهای (2،٣، 1 ) دیاریکرا .

جارێکی ترلە ڕێگەی ڕاپرسەوە بەمەبەستی وەرگرتنی ڕاو بۆچوونی پسیۆڕانەوە پێوەرەکەی دابەشکرد ، دوای گەڕانەوەی گۆڕانکاری لە برگەکانی(٣، ٦، ٨، ١٤) ڕاستکردنەوە لە شێوازی داڕشتن و زمانەوانی دروستبوو ، دوای ئامادەکردنی پێوەرەکە بەمەبەستی جێبەجێکردنی بە سەر سامپڵە سەرەتایەکە ، کە بریتیبوون لە خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری ئێواران ، کە ژمارایان (٣٠ ) خوێندکاربوو.

**٣ . ٣ . ٢ جێگیری (الثبات ):**

چەمکی جێگیری بەو مانایەیە "کە تاقیکردنەوەکە دووبارە ئەو ئەنجامی هەبێت ئەگەر لەسەر سامپڵێکی جێگر جێبەجێبکرێت بەڵام ئەگەر لە هەمان بارودۆخدا دووبارە بکرێتەوە" . (العزاوی، ٢٠٠٨ ،ص٩٧)

جێگیری (الثبات ) دەتوانرێت بە دوو ڕێگا بەدەست بهێنرێت کە بریتین لە : ١.

ڕێگای دووبارەکردنەوە بە سەر هەمان نموونەی توێژینەوە لە کاتی جیاوازدا.

٢- ڕێگەی دابەشکردنی بە نیوەی برگەکانی پێوەرەکە بە سەر تاک و جودا. ( Fransella ,1981 , p47 )

توێژەر بۆ بەدەست هێنانی جێگیری هەردوو شێوازەکەی بەکارهێناوە ،لە شێوازی یەکەمدا (شێوازی دووبارە تاقیکردنەوە)، بەکارهێنراوە بەسەر سامپڵێکی سەرەتای لە دەرەوەی سامپڵی توێژینەو کە ، پێکهاتبووە لە (خوێندکارانی قۆناغی چوارەمی بەشی پەروەردەی هونەری ئێواران ،کە ژمارەیان (٣٠ ) خوێندکاربوون ، بۆ یەکەمین جار لە بەرواری (٢٠٢٤/٢/١٥) ڕاوبۆچوونیان وەرگیرا ، پاشان لە (٢٠٢٤/١/٣٠) جارێکی تر هەمان پێوەر بە سەر سامپڵە سەرەتایەکە جێبەجێکرا یەوە ، دوای مامەڵەکردن لەگەڵ داتاکان بە شێوەیەکی ئاماری بە بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسۆن، دەرکەوت ، کە بەهای پەیوەندیەکە بریتیە لە (0.7٣)ە، ئەم ڕێژەیەش بەهایەکی گونجاوە بۆ جێگیری ، هەروەها بۆ دۆزینەوەی بەهای پەیوەندی هەر بڕگەیەک و بەکۆی گشتی پێوانەکە و ئاستی بەڵگەداری ڕێگەی دابەشکردنی بە نیوەی برگەکانی پێوەرەکە بە سەر تاک و جودا جێبەجێکرا ، پاشان لە ڕێگەی هاوکێشەی ( پەیوەستبوونی پێرسۆن Person ) ەوە دۆزرایەوە ، کە بەهاکەی لە نێوان ( ٢٠.٠- ٥٠.٠) بوو ، وەك لە خشتەی (٣-١) دا دەردەکەوێت .پاشان توێژەر پێوەرەکە بە شێوەی کۆتایی جێگیرکرد ، وەک لە فۆرمی (١) دا دەردەکەوێت .

خشتەی (٣-١)

دۆزینەوەی بەهای پەیوەندی هەر بڕگەیەک ئاستی بەڵگەداری گشتی پێوانەکە

| ژ | بەهای پەیوەندی | ئاستی بەڵگەداری ٠.٠٥ | ژ | بەهای پەیوەندی | ئاستی بەڵگەداری ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٠.٠٠ | بەڵگەدارە | ٩ | ٠.٠٣ | بەڵگەدارە |
| ٢ | ٠.٠٣ | بەڵگەدارە | ١٠ | ٠.٠٤ | بەڵگەدارە |
| ٣ | ٠.٠٠ | بەڵگەدارە | ١١ | ٠.٠٠ | بەڵگەدارە |
| ٤ | ٠.٠١ | بەڵگەدارە | ١٢ | ٠.٠٠ | بەڵگەدارە |
| ٥ | ٠.٠٤ | بەڵگەدارە | ١٣ | ٠.٠١ | بەڵگەدارە |
| ٦ | ٠.٠٢ | بەڵگەدارە | ١٤ | ٠.٠٢ | بەڵگەدارە |
| ٧ | ٠.٠٣ | بەڵگەدارە | ١٥ | ٠.٠٠ | بەڵگەدارە |
| ٨ | ٠.٠١ | بەڵگەدارە | ١٦ | ٠.٠١ | بەڵگەدارە |

**٤ .٣.٣ ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان :**

بۆ دۆزینەوەی ئەنجامی بەهای پەیوەستبوونی هەر بڕگەیەک و بەکۆی گشتی پێوانەکە و ئاستی بەڵگەداری لە ڕێگای ئێس پی ئێس ( SPSS ) بەکارهێنراوە بۆ شیکردنەوەی دۆزینەوەی ئەنجامەکان بەم شێوەیەی خوارەوە :

ا- هاوکێشەی کوپەر (Cooper) بۆ زانینی ئاستی ڕێککەوتنی پسپۆڕان لەسەر برگەکانی پێوەرەکە

ب- هاوکۆڵکەی پەیوەندی پیرسۆن( Person ) بۆ دۆزینەوەی بەهای جێگیری و ئاستی بەڵگەداری گشتی پێوەرکە .

پ- ناوەندی شیاو (الوسط المرجح ) : بۆ پێوانەکردنی ڕادەی بەدەستهێنانی هەربڕگەیەک لە بڕگەکانی پێوەرکە.

ج- ڕێژەی سەدی (الوزن المئوي ) : بۆ سوودی لێ ببینین لە لێکدانەوەی ئەنجامەکاندا.

چ - پێوەرەکە بۆ زانینی ئاستەنگ وپێشنیازی چارەسەرکردنی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر لە بابەتی دیواربەندی هونەریدا.

**بەشی چوارەم / ئەنجامی تویێژینەوەکە و تاوتویکردنی:**

**١ .٤ ئەنجامی تویێژینەوەکە :**

بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجی یەکەمی توێژینەوەکە بریتیبوو لە : زانینی ئاستەنگەکانی بابەتی دیواربەندی هونەری لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر ، دوای بەکارهێنانی پێوەرەکە بەسەر ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکە و شیکردنەوەی داتاکان بە شێوەیەکی ئاماری ، وەک لە خشتەی (4-1)دا دەردەکەوێت ، گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە

خشتەی (4-1)

ئەنجامی بەهاکانی ( ناوەندی شیاو ، ئاست ) ی وەڵامەکانی سامپڵی توێژینەوەکە

| تەوەر | بڕگەکان | ناوەندی شیاو | ئاست |
|---|---|---|---|
| **مامۆستا** | ١- لەبەرچاوگرتنی حەز و ئارەزووی خوێندکاران | ٢.١ | بەرزە |
| | ٢- ڕەچاوی جیاوازی تاکەکەس لە نێوان قوتابیاندا | ٢٣.٢ | بەرزە |
| | ٣- ڕونکردەوەی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی دیواربەند لە کاتی کارکردندا . | ١١.٢ | بەرزە |
| **ژینگەی پەروەردەیی (شوێن و کات )** | ٤- تەنگەبەری شوێنی کارکردن. | ٧١.١ | نزمە |
| | ٥- ڕووناک کردنەوەی شوێنی کارکردن. | ٣٣.٢ | بەرزە |
| | ٦- ڕێکخستنی کاتی تەواوکردنی دیواربەندەکان | ٥٠.٢ | بەرزە |
| **پێداویستیەکانی کارکردن** | ٧- دابینکردنی پێداویستەکانی کارکردن . | ٥٦.١ | نزمە |
| | ٨- دەست نیشانکردنی شوێنی جێبەجێکردنی دیواربەندەکە . | ٣٩.٢ | بەرزە |
| **بنیاتنان و داڕشتن** | ٩- توانای بەرجەستەکردنی بیرۆکە بە شێوەیەکی کاریگەر. | ٨٦.١ | نزمە |
| | ١٠- لێهاتوویی لە داڕشتنی دیواربەندەکەدا. | ٣٦.٢ | بەرزە |
| **تەکنیک** | ١١- توانای چارەسەکردنی کەم کوڕیەکانی شێوە ، ڕەنگ قەبارە لە دیواربەندەکەدا . | ٣٢.٢ | بەرزە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| **ناوەڕۆک** | ١٢- توانای بەکارهێنانی تەکنیکی گونجاوی لە جێبەجێکردنی دیواربەندەکەدا . | ٧٠.١ | نزمە |
| | ١٣- توانای بەرجەستەکردنی ناوەڕۆک لە دیواربەندەکەدا. | ٥٣.١ | نزمە |
| | ١٤- توانای گەیشتن بە دەرئەنجامی نەخشە بۆکێشراوی کارە هونەریەکە . | ٣٠.٢ | بەرزە |
| **ڕاستکردنەوە و بەرهەمهێنان** | ١٥- توانای ڕاستکردنەوەی خاڵە لاوازەکانی دیواربەندە هونەریەکە . | ٩٤.١ | نزمە |
| | ١٦- ئاستی بەرهەمهێنانی دیوابەندەکە بەشێوەکی ورد . | ٠.٢ | بەرزە |
| **کۆ** | | ٣٢.٩٤ | نزمە |

وەک خشتەی (4-1) دا ڕوونکراوەتەوە ، کە هیچ برگەیەک لە ئاستێکی "زۆر بەرز" دا، یان "زۆر نزمدا" نییە ، هەروەها برگەکان نمرەی جۆروجۆریان بەدەستهێناوە، برگەکانی کە ئاستێکی نزمیان بەدەستهێناوە بریتین لە (٤، ٧، ٩، ١٢، 20 ،١٥) بەڵام نمرەکانی کە لەسەر ئاستی (بەرز) ە بریتین لە برگەکانی (1، 2، ٣، 5، ٦، ٨، ١٠، ١١، 11، ١٣، ١٤،١٦) لە کاتێکدا ئاستی تێکڕای تەواوی برگەکان (بەرز) ە بوو لە ڕێگەی بەهای تێکڕا مامناوەندی بۆ هەموو برگەکان بریتیە لە (٩١.١) ئەم ئاستەش نزمە بەبراورد بە ڕێژەی (٠.٢ ) بۆ ناوەندی سەرجەم برگەکان ، بەڵام کاتێک لە نمرەی برگەکان دەڕوانین دەبینین ئەو برگانەی کە ئاستەنگیان بۆ خوێندکاران دروستکردوە بریتین لە ( تەنگەبەری شوێنی کارکردن ، دابینکردنی پێداویستیەکانی کارکردن ، توانای بەرجەستەکردنی بیۆکە ، بەکارهێنانی تەکنیکی گونجاو ، بەرجەستەکردنی ناوەڕۆک ، ڕاستکردنەوەی خاڵە لاوازەکانی دیواربەندەکە ) وەک لە برگەکاندا دەردەکەوێت ، بە شێک لە ئاستەنگیەکان پەیوەستن بە دابینکردنی پێداویستەکانی کارکردن ، ئەمەش پەیوەندی بە قەیرانی داراییەوە هەیە ، هەروەها بە شێکی تر لە ئاستنەگیەکان پەیوەندی بە قۆناغەکانی پێشووی خوێندکارانەوە هەیە ، کە وەک پێویست نەیتوانیە گەشە بە لێهاتوویە شێوەکاریەکانی بکات ، وەک بۆ نموونە بەرجەستەکردنی ناوەڕۆکی کارکردن ، ڕاستکردنەوەی خاڵە لاوازەکانی بابەتە هونەریەکە .

لە بەرانبەردا برگەکانی ( ڕەچاوی جیاوازی تاکە کەس ، ئارەزووی خوێندکاران ، ڕێکخستنی کاتی جێبەجێکردنی کارەهونەریەکە ) برگەکانن، کە پەیوەستن بە مامۆستای وانەکە، کە ئاستی( بەرز) یان بەدەستهێناوە .

سەبارەت بە ئامانجی دووەم ،کە بریتیبوو لە : چۆنێتی چارەسەرکردنی ئاستەنگەکان لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە ، ئەنجامەکە لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی برگە پێشنیازکراوەکانی سامپڵی توێژینەوەکە بەدەستهاتووە ، وەک لە خشتەی (4-٢) دا داتاکانی بە شێوەی( ڕێژەی سەدی) خراونەتەڕوو .

خشتەی (4-٢)

ئەنجامی برگە پێشنیازکراوکانی و ڕێژەی سەدی سامپڵی توێژینەوەکە

| ژ | برگە پێشنیازکراوکانی چارەسەرکردن لە لایەن سامپڵی توێژینەوەکە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١ | خولیای خوێندکاران لە داڕشتنی کارەکان لە بەرچاوبگیرێت . | %٤١ |
| ٢ | خوێندکارە لێهاتووەکان لە گەڵ ئاسایەکاندا لە گروپێکدا کاربکەن . | %٧٨ |
| ٣ | هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی کارەکە لە ئاسانەوە بۆ ئاڵۆز بێت . | %٦١ |

| | | |
|---|---|---|
| ٤ | شوێنی گونجاو بۆ بەرهەم هێنانی دیواربەندەکە فەراهەم بکرێت . | %٥٤ |
| ٥ | ڕووناکی لە شوێنی کارکردن و دانانی بەرهەمەکان دەستنیشان بکرێت . | %٣٦ |
| ٦ | بابەتی دیوابەند لە دوو سیمستەری خوێندن بخوێنرێت . | %٧٠ |
| ٧ | کەرەستەی کارکردن لە لایەن زانکۆوە دابینبکرێت . | %٨٢ |
| ٨ | لە شوێنی دیوربەندەکان ڕەچاو قەبارە و کەرەستەبکرێت . | %٤٣ |
| ٩ | گرنگدان بە گەشەکردنی بیرۆکەی خوێندکاران | %٣١ |
| ١٠ | لە داڕشتنی هونەری گرنگی بە بابەتی دیواربەند بدرێت. | %٧٨ |
| ١١ | زیاتر گرنگی بە ڕەگەزەکانی داڕشتنی هونەری بدرێت . | %٤٧ |
| ١٢ | گرنگی بە تەکنیکی نوێ هونەری بدرێت . | %٣٤ |
| ١٣ | ناوەڕۆکی کارەهونەریەکە لەگەڵ بیرۆکە هونەریەکەدا بگونجێنێت . | %٥١ |
| ١٤ | دەرئەنجامی کارەهونەریەکە بەپێی کاتێکی دیارکراو جێبەجێبکرێت . | %٧٠ |
| ١٥ | خاڵەلاوازەکان کارەکە مامۆستای وانە ڕاستی بکاتەوە بە پراکتیکی . | %٤٤ |
| ١٦ | بەوردی مامۆستای وانە سەرپەرشتی بەرهەمهێنانی کارەکە بکات . | %٤١ |

وەک خشتەی (4-٢) دا ڕوونکراوەتەوە ، سامپڵی توێژینەوەکە پێشنیازی جۆراوجۆریان بۆ گرفتەکانی دیواربەندی هونەریان کردوە ، ڕێژەکان لە نێوان (٣١%-٧٨% ) بەم پێیەش بۆچوونەکانی خوێندکاران سەبارەت بە بڕگەکان جۆراوجۆرە .

**٤ .٣ ڕاسپاردەکان :**

لەژێر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامەی توێژینەوەکە کە بەدەستیهێناوە ، توێژەرئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەکات:

٤ .٣.١ ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە بکرێت بە بنەمایەک بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی ئاستەنگیەکانی بەرهەمە هونەریەکانی خوێندکاران لە بابەتی دیواربەندا ، تا کارە هونەریەکان لە سەر بنەمایەکی زانستی دابڕێژرێت.

٤ .٣ .٢ ئەم توێژینەوەیە بکرێت بە بنەمایەک بۆ زانین و چارەسەرکردنی ئەو ئاستەنگیانەی کە ڕووبەڕووی هونەرمەندان دەبێتەوە لە کاتی دروستکردنی دیواربەندی هونەریدا .

**٤ .٤ پێشنیارەکان :** توێژەر ئەم پێشنیارانەی دەکات :

٤ .٤ .١ ئاستەنگەکان و پێشنیاری چارەسەرکردن لە بابەتی داڕشتنی وێنەی لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر .

٤ .٤ .٢ ئاستەنگەکان و پێشنیاری چارەسەرکردن لە بابەتی سیرامیک لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر .

پاشکۆی (١) پێوەرێک بۆ زانینی ئاستەنگیەکان و چارەسەرکردن خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەرە لە بابەتی دیواربەندی هونەریدا

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت

بەشی پەروەردەی هونەر

ناوی خوێندکار : ................................................... ناوی بابەت : دیواربەندی هونەر

قۆناغی خوێندن : چوارەم جۆری جێبەجیکردنی دیواربەند : .........................

| تەوەر | بڕگەکان | بەهای بڕگەکان | | |
|---|---|---|---|---|
| | | زۆر ئاستەنگە | ئاستەنگە | ئاستەنگێکی لاوازە |
| مامۆستا | ١- لەبەرچاوگرتنی حەز و ئارەزووی خوێندکاران | | | |
| | پێشنیاری چارەسەرکردن بە دێڕێک بنوسە | | | |
| | ................................................................................. | | | |
| | ٢- ڕەچاوی جیاوازی تاکەکەس لە نێوان قوتابیاندا | | | |
| | پێشنیاری چارەسەرکردن بە دێڕێک بنوسە | | | |
| | ................................................................................. | | | |
| | ٣- ڕونکردەوەی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی دیواربەند لە کاتی کارکردندا . | | | |
| | پێشنیاری چارەسەرکردن بە دێڕێک بنوسە . | | | |
| | ................................................................................. | | | |
| ژینگەی پەروەردەیی (شوێن و کات ) | ٤- تەنگەبەری شوێنی کارکردن. | | | |
| | پێشنیاری چارەسەرکردن بە دێڕێک بنوسە . | | | |
| | ................................................................................. | | | |
| | ٥- ڕووناک کردنەوەی شوێنی کارکردن. | | | |
| | پێشنیاری چارەسەرکردن بە دێڕێک بنوسە . | | | |
| | ...................... ................................................................................. ........................................................ | | | |
| | ٦- ڕێکخستنی کاتی تەواوکردنی دیواربەندەکان | | | |
| تەوەر | بڕگەکان | بەهای بڕگەکان | | |
| | | زۆر ئاستەنگە | ئاستەنگە | ئاستەنگێکی لاوازە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | پێشنیاری چارەسەرکردن بە دێڕێک بنوسە . | | | |
| | ........................................................................... | | | |
| پێداویستیەکانی کارکردن | ٧- دابینکردنی پێداویستەکانی کارکردن . | | | |
| | پێشنیاری چارەسەرکردن بە دێڕێک بنوسە . | | | |
| | ........................................................................... | | | |
| | ٨- دەست نیشانکردنی شوێنی جێبەجێکردنی دیواربەندەکە . | | | |
| | پێشنیاری چارەسەرکردن بە دێڕێک بنوسە | | | |
| | ........................................................................... | | | |
| ٤- بنیاتنان و داڕشتن | ٩- توانای بەرجەستەکردنی بیرۆکە بە شێوەیەکی کاریگەر. | | | |
| | پێشنیاری چارەسەرکردن بە دێڕێک بنوسە | | | |
| | ........................................................................... | | | |
| | ١٠- لێهاتوویی لە داڕشتنی دیواربەندەکەدا. | | | |
| | پێشنیاری چارەسەرکردن بە دێڕێک بنوسە | | | |
| | ........................................................................... | | | |
| | ١١- توانای چارەسەکردنی کەم کوڕیەکانی شێوە ، ڕەنگ قەبارە لە دیواربەندەکەدا . | | | |
| | پێشنیاری چارەسەرکردن بە دێڕێک بنوسە . | | | |
| | ........................................................................... | | | |
| ٥- تەکنیک | ١٢- توانای بەکارهێنانی تەکنیکی گونجاوی لە جێبەجێکردنی لە دیواربەندەکەدا . | | | |
| | پێشنیاری چارەسەرکردن بە دێڕێک بنوسە . | | | |
| | ........................................................................... | | | |
| ٦- ناوەڕۆک | ١٣- توانای بەرجەستەکردنی ناوەڕۆک لە دیواربەندەکەدا. | | | |
| | پێشنیاری چارەسەرکردن بە دێڕێک بنوسە . | | | |
| | ........................................................................... | | | |
| | ١٤- توانای گەیشتن بە دەرئەنجامی نەخشە بۆکێشراوی کارە هونەریەکە . | | | |
| | پێشنیاری چارەسەرکردن بە دێڕێک بنوسە . | | | |
| | ........................................................................... | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٧- ڕاستکردنەوە و بەرهەمهێنان | ١٥- تواناى ڕاستکردنەوەی خاڵە لاوازەکانی دیواربەندە هونەریەکە . | | | |
| | پێشنیاری چارەسەرکردن بە دێڕێک بنوسە . | | | |
| | ........................................................................ | | | |
| | ١٦- ئاستی بەرهەمهێنانی دیوابەندەکە بەشێوەکی ورد . | | | |
| | پێشنیاری چارەسەرکردن بە دێڕێک بنوسە . | | | |
| | ........................................................................ | | | |



**تێبینی :**

بە هۆی پابەندبوون بە ڕێنمای گۆڤارەکە و ژمارەی پەڕەکانی ، لە بەر ئەو هۆکارە توێژەر پاشکۆکانی لە توێژینەوەکەدا هاوپێچ نەکردوە .


**سەرچاوەکان :** **سەرچاوەکان**

**بە زمانی کوردی :**

1 - پیربالؒ ، فەرهاد ( ٢٠٠٦ ): **مێژووی هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا لە کۆنەوە تا پەنجاکان** ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.

2 - سعید، بەختیار (٢٠٠٤ ): **دنیا بینیەکانی هونەری شێوەکاری کوردی** ، چاپخانەی کاردۆ ، سلێمانی ، هەرێمی کوردستان

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی :**

3 - احمد ، ايمان كاظم ،اسراء عامر فليح (٢٠10): **الصعوبات التي تواجه الاختصاصات الادبية في مادة الاحصاء في كلية التربية الاساسية** ، جامعة ديالى ، العدد 43 .

4 - ازهر ،ياسر محمد ( 1998 ) : **الجداريات و دورها في الحركة الفنية التشكيلية المحلية** ، رسالة ماجستير غير منشورة ، قسم التربية الفنية ، جامعةأم القرى .

5 - البطانية ، اسامة محمد واخرون ( ٢٠05) : **صعوبات التعليم النظرية و الممارسة** ،ط1، دار المسير للنشر والتوزيع ، عمان ، الاردن .

6 - البيسوني ، محمود (١٩٩٢) : **مصطلحات التربية الفنية** ، عربي انجليزي ، ط1 ، دار المعارف ، القاهرة

7 - العتوم ،منزر سامح (٢٠13 ) :**المشكلات التي تواجه معلمي و معلمات التربية الفنية في محافظة جرش،** رسالة ماجستير ،كلية الفنون الجميلة ، جامعة اليرموك.

8 - المهدي، عنايات (1990 ) **: فن الابداع بالزجاج الملون** ،ابن سينا للنشر و التوزيع، القاهرة

9 - العزاوي ، رحيم يونس كرو ( ٢٠٠٨ ) **: المنهل في العلوم التربوية ، القياس و التقويم في العملية التدريسية** الطبعة الاولى ، دار دجلة ، عمان ، الاردن.

10 - الغار ، مصطفى محمد (2003) **: صعوبات التعلم** ، دار الوفاء للطباعة ، القاهرة .

11 - القماش ، السيد صالح ( 1992 ) : اثر التصوير الجداري المعاصر ، ، كلية الفنون الجميلة، جامعة المينا .

12- بلعلاء ،ماجد بن صلاح سلامة (٢٠٠٧ ): **الأسس الجمالية لتوظيف الوسائط التشكيلية في التصوير الحديث و المعاصر** ، قسم التربية الفنية ، كلية التربية ، جامعة ام القرى ، الماجستير في التربية الفنية .

13- حماد، محمد ( 1973 ): **تكنلوجيا التصوير الوسائل الصناعية في التصوير وتأريخها** ، الطبعة الاولى ، القاهرة.

14- خطاب ، عمر محمد (2006 ) : **مقايس في صعوبات التعلم**.ط1، مكتبة المجتمع العربي ، عمان ، الاردن .

15- ساحي سعيدة ، يواز حبيبة ( 2022 ): **العناصر التشكيلية و المبادئ الجمالية في جداريات ما بعد الحداثة في الجزائر ستنية الاستقلال تاريخ مجيد و عهد جديد – انموذجا** ، مجلة العلوم الانسانية و الاجتماعية العدد (5 )

16- سعود ، رغد سعد (٢٠19) : **الصعوبات التي التوجه طالبات المرحلة المتوسطة في ، المادة التربية الفنية** ،مجلة كلية التربية الاساسية ، العدد (104 ) المجلد 25 .

17- صكبان، قاسم كاظم ( ٢٠٢٠ ): **المشكلات التي تواجه طلبة قسم التربية الفنية المطبقين لمادة المشاهدة و التطبيق من وجهة نظرهم** ، كلية التربية الاساسية، جامعةالكوفة .

18- عباس ،عماد خضر عباس (2016 ) : **الصعوبات التي تواجه طلبة قسم التربية الفنية كلية الفنون الجميلةفي مادة الخزف** ، مجلةجامعة بابل العلوم الانسانية ، مجلد 24 ، العدد 3.

19- عبدالخالق ، محمد شاكر (1982 **): التصوير الجداري دراسة تاريخية و تكنيكية** ، رسالة ماجستير غير منشورة ،كلية الفنون الجميلة ، قسم التصوير ، جامعة حلوان ، الاسكندرية .

20- عبدالقادر ،شعشوع (2020) : **صعوبات التعلم**، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية ، قسم العلوم الاجتماعية .

21- عبدالهادي ، نبيل (١٩٩٩) **: القياس و التقويم التربوي وأستخدامه في مجال التدريس الصفي** ، ط٢ ، دار صفاء للنشر ، الأردن.

22- علي ، منى حيدر (2023) : **التكوين البنائي في الجداريات الفنان غازي السعودي** ، ط1 ، دار الكتب والوثايق ، بغداد

23- علي ، محمد النوبي ( ٢٠11 ) : **صعوبات التعلم بين المهارات و الاضطرابات** ، ط1، دار صفاء للنشر و التوزيع ، عمان، الاردن.

24- فياض جان و الاخرون ( ٢٠٠٥) **الصعوبات التعليمية و الاضطرابات النفسية الشائعة في المدارس العوارض و الحلول** ، جمعية ادراك ، المركز التربوي للبحوث الانماء للبنان.

25- فتاوي ، جيهان محمد (2003 ):**البناء التشكيلي للتصوير الجداري** ، رسالة ماجستير غير منشورة ،كلية الفنون الجميلة ، قسم التصوير ، جامعة حلوان ، الاسكندرية .

26- قدح، سحر يوسف ( ٢٠٠٦ ): **تقنيات التصوير الجداري والستفادة منها في تنفيذ الجداريات مستمدة من وحدات التراث الشعبي السعودي** قسم التربية الفنية ـ كلية التربية الأساسية / جامعةأم القرى .

27- لطفي ،صفاء (2001 ) : **الموجز في تطور الفن الجداري**، دار العربية للتصميم الطباعة والنشر، بابل،العراق .

**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی :**

28- Carman Pitz (2005): **Mural projects – A cumulative Study**, Faculty Sponsor.

29- Gray, Mary Lackritz (2001): **A Guide to Chicago's Murals**. The University of Chicago Press, Voices of Community: The Murals of Philadelphia. Mural Arts Program.

30- Fransella, F (1981): **Persorality theory measurement and research** ,London,Methuen.

سەرچاوەی ئەنتەرنێت :

31- Cambridge Dictionary
https://dictionary.cambridge.org

## Difficulties and Suggestions to Solve the Problem of Artistic Murals Subject for Students of the Department of Art Education

Dr. Dara Aurahman Ahmed
Department of Art Education, College of Basic Education, University of Sulaimani, Kurdistan Region of Iraq.
Email: dara.aurahman@univsul.edu.iq

**Abstract:**

The aim of this research is to:

1- Identify the difficulties of the subject of artistic murals among students of the Department of Art Education.

2- Monitor proposals to solve the difficulties from the students' point of view.

The descriptive approach was used to complete the research, according to the research topic and its objective, and the research sample consisted of students of the Department of Art Education in the fourth stage / morning classes in the art murals subject, then the researcher identified the obstacles and found a solid solution for them due to the scientific steps. The researcher prepared the scale according to the approved scientific steps, and it consisted of (6) main paragraphs and (16) secondary paragraphs. After extracting its apparent validity and stability by re-applying the scores at two different times, using the (Pearson) correlation equation, which has a value between (0.20-0.50). After applying it to the research sample, through statistical procedures, the research results were obtained and the weighted average for all paragraphs was (1.91), the level is low. In the light of this result, there are difficulties in the subject of artistic murals. In order to overcome the difficulties, a number of proposals were presented to solve the problem of the subject of artistic murals among students of the Department of Art Education. The study is ended with some proposals and recommendations.

**Keywords:** Difficulties, proposals, solution, problem, subject, artistic murals, students and art education.

**الصعوبات والمقترحات لحل مشكلة مادة الجداريات الفنية لدى طلبة قسم التربية الفنية**

د. دارا أورحمان أحمد : قسم التربية الفنية ، كلية التربية الأساسية ، جامعة السليمانية ، إقليم كردستان العراق . البريد الإلكتروني: dara.aurahman@univsul.edu.iq

**الملخص**

الهدف من هذا البحث هو :

١- التعرف على صعوبات مادة الجداريات الفنية لدى طلبة قسم التربية الفنية.

2- رصد المقترحات لحل الصعوبات من وجهة نظر الطلاب.

تم استخدم المنهج الوصفي لأنجاز البحث ، بحسب موضوع البحث وهدفه ، وتألفت عينة البحث من طلاب قسم التربية الفنية في المرحلة الرابعة / الصباحي في مادة الجدرايات الفنية، ثم قام الباحث بمعرفة المعوقات وايجاد الحل المحكم لها على وفق الخطوات العلمية. وقام الباحث بأعداد المقياس بموجب الخطوات العلمية المعتمدة ، وتألف من (٦) فقرات رئيسة و (١٦ ) فقرات ثانوية ، وبعد استخراج صدقه الظاهري و ثباته بطريقة اعادة التطبق الدرجات في وقتين مختلفين ، باستخدام معادلة (بيرسون ) للارتباط والذي قيمته بين (٠0.2-٠0.5) وبعد تطبيقها على عينة البحث ، من خلال الإجراءات الإحصائية، تم الحصول على نتائج البحث وكان الوسط المرجَّح لجميع الفقرات (1.91) وهذا المستوى متدن ، وفي ضوء هذه النتيجة فإن هناك صعوبات في موضوع الجداريات الفنية، ومن أجل التغلب على الصعوبات تم عرض عدد من المقترحات لحل مشكلة مادة الجداريات الفنية لدى طلبة قسم التربية الفنية ، ثم انتهى البحث ببعض المقترحات والتوصيات .

**الكلمات المفتاحية** : الصعوبات ، مقترحات ، حل ، مشكلة ، مادة ، الجداريات الفنية ، طلبة، التربية الفنية